پێنج ئاژەڵ پیس وزیانبەخشن، دەبێت بکوژرێن لە ناو حەرەمی پیرۆزدا: قەلەڕەش، ودالّی گەرمەسێر، ودووپشک، ومشک، وسەگی هار

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێنج ئاژەڵ پیس وزیانبەخشن، دەبێت بکوژرێن لە ناو حەرەمی پیرۆزدا (لە مەککەدا): قەلەڕەش، ودالّی گەرمەسێر*، ودووپشک، ومشک، وسەگی هار». ولە گێڕانەوەیەدا: «حەوت (ئاژەڵی) پیس وزیانبەخش دەبێت بکوژرێن لە ناوەوە ودەرەوەی شوێنە بە حورمەت وپیرۆزەکەدا (مەبەست نێو کەعبە ونێو مەککە)یە». *(جۆرە دالّێکە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت -الحِدأة- زۆرجار لە ناوچە گەرمەکاندا دەژی)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کردووە بە کوشتنی پێنج جۆر لە ئاژەڵی پیس وزیانبخەش، جا ئەگەر لە ناو حەرەمی پیرۆزی مەککەشدا بن دەبێت هەر بکوژرێن، ئەم پێنج ئاژەڵە بریتین لە: قەلەڕەش، ودالّی گەرمەسێر*، ودووپشک، ومشک، وسەگی هار. ئەم پێنجە جۆرە ئاژەڵە خراپ وزیانبەخشن (فاسقن)، ولە خووی سروشتیان ئەوەیە کە زیانبەخش وئازاردەرن. ئەم پێنج جۆرە دیاریکراون چونکە جۆری زیانەکەیان جیاوازە، وهەر ئاژەڵێکیش وەکو ئەمانە زیانیان هەبێت بۆ سەر مرۆڤ ئەوا دەبێت بکوژرێت ئەگەرچیش لە ناو حەرەمی مەککەی پیرۆزدا بێت. (مەبەست نێو کەعبە ونێو مەککە)یە. *(جۆرە دالّێکە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت -الحدأة- زۆرجار لە ناوچە گەرمەکاندا دەژی)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4543